# کردنەوەی خاڵی سنووری (سازان) و کاریگەری لەسەر ئابووری هەڵەبجە و ناوچەکە



سەرکۆ یونس عەبدولکەریم - نوێنەری سەندیکای ئابوریناسانی کوردستان لە هەڵەبجە
Sarko.youns@yahoo.com

*ئاشکرایە شاری هەڵەبجە هەر لە کۆنەوە جێگایەکی ستراتیژی گرنگی ناوچەکە بووە هەر لە سەردەمی (عوسمان پاشای جاف و عادیلە خانمی خێزانی و بنەماڵەکەیان) ەوە ناوەندێکی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری گرنگ بووە.
لە هەڵەبجەوە فەرمانڕەوایی ناوچەکانی شارەزوور و دەوروبەر کردووە کە جێگا دەستیان لە مێژووی ناوچەکە و کوردستاندا دیار و بەرچاوە.
لەلایەکی ترەوە بەهۆی هاوسنووری شاری هەڵەبجە لەگەڵ وڵاتی ئێرانی دراوسێ دا ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە سەرجەم لایەنەکاندا (سیاسی ، ئابوری ، کۆمەڵایەتی و . . . ).
*ئێستا هەواڵی کردنەوەی مەرزی بازرگانی (سازان) لە هەڵەبجە بە ر ووی ئێراندا، ئومێدێکی مژدەبەخشە کە لە ئایندەدا شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بوژانەوەی سەرجەم لایەنەگانی ژیان بە گشتی و لایەنی ئابووری بە تایبەتی بە خۆیەوە ببینێت.
لای هەمووومان ئاشکرایە شاری هەڵەبجە و ناوچەکانی هەورامان کە بە درێژایی نزیکەی (70)کم هاوسنوورە لەگەڵ شار و شارۆچکە و گوندەکانی ئێراندا هەر لەکۆنەوە جموجوڵی بازرگانی هەبووە، ئەم پەیوەندی و جموجوڵە بازرگانییە هەر لە کۆنەوە تا دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و دابڕاندنی خاکی کوردستان لەیەکتر و دروستبوونی سنووری دەستکردی سیاسی ناوچەکە، بەردەوام بووە.
بۆ نمونە پەیوەندی و جموجوڵی بازرگانی شاری هەڵەبجە و هەورامان لەلایەک و، شار و شارۆچکەکانی هاوسنور بەدیوی ئێراندا هەبووە کە بەهۆکارەکانی گواستنەوەی سەرەتایی (وەک سود وەرگرتن لە ئاژەڵە باربەرەکان) کە بەشێوەیەکی نایاسایی (یاساغ) بووە.
ئەم پەیوەندی و جموجوڵە بازرگانییە بەردەوام لە ژێر کاریگەرییەکانی بارودۆخە سیاسی و ئابووری و ئاسایشییەکاندا بووە.

کردنەوەو بەرەسمی کردنی مەرزی سازان هەوڵێکی مژدە بەخشە بەدانیشتوانی هەڵەبجەو دەوروبەری کە لەئایندەدا بتوانرێت کاریگەری هەبێت لەسەر لایەنی ئابووری و سەرجەم لایەنەکانی تری ژیاندا.

هەرچەندە کردنەوەی مەرزی سازان زۆر لەکاتی خۆی دواکەوتووە، بەڵام بۆ ئەم کاریگەری ئابووری شارەکە و ناوچەکە جێگای دەستخۆشییە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە شاری هەڵەبجە بەدەست چەندین کێشەی ئابوورییەوە دەناڵێنێت بە تایبەت لە ر ِوانگەی پەراوێزخستنی ئابوورییەوە و پەیدابوونی دیاردەی بی ٘ کاری هاوڵاتیانی شارەکە و چەندین کێشەی تر.

دەتوانین بڵێین بوونی مەرزێکی سنووری بازرگانی لەنێوان دوو وڵاتدا کاریگەری گرنگ و بەرچاو بەجێ دەهێڵێت لەسەرجەم لایەنەکاندا و گەشە و بوژانەوەی ئابووری لە ناوچەکە. لەم ر ِوانگەیەوە تیشک دەخەینە سەر هۆکارەکان و دەرئەنجامەکانی و کاریگەریە ئابوریەکانی ئەم خاڵە سنوریە دەکەین کردنەوە و بەر ِەسمی ناساندنی مەرزی (سازان) دەکەین.

*ئە هۆکارانەی کە یارمەتیدەرن بۆ کردنەوەی خاڵی سنوری (سازان).

1-لایەنی کۆمەڵایەتی گونجاو / بەهۆی ئەو پەیوەندییە مێژووی و کۆمەلایەتیەی کە دانیشتوانی هەڵەبجە و دەوروبەری لەگەڵ دانیشتوانی هاوسنوری هەڵەبجە لە دیوی ئێراندا هەیانە و خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی پتەو بەیەکەوەیان هەیە دەبەستێت و زۆربەی ئەو عەشیرەت و بنەماڵانەی کە لە ناوچەکەدا هەن دابەش بوون بەمدیو و ئەودیوی سنورەکەدا کە ئەمەش هۆکارێکی یارمەتیدەر دەبێت بۆ هەماهەنگی و هاوکاری دوولایەنەی کەسەرەنجام هاریکار دەبێت بۆ زیاتر بوونی جموجوڵی بازرگانی لەناوچەکەدا.

2-هاوسنوری نزیکی شاری هەڵەبجە بە جوانرۆ -ی ئێرانەوە، هەروەها تارادەیەک نزیکی هەڵەبجە بەناوەندی پارێزگاری سلێمانی یەوە و لەهەمان کاتدا شاری جوانر ِۆش سەربە پارێزگای (کرمانشاە) ی ئێرانەکە شارێکی پیشەسازی بازرگانی وڵاتی ئێرانە. هەموو ئەمانە هۆکاری یارمەتیدەر دەبن بۆ سەرکەوتنی جموجوڵی بازرگانی لەناوچەکەدا چونکە دوور و نزیکی ناوچەکان لە ئابووریدا هۆکارەکانی گواستنەوە و کری ٘ ی گواستنەوەی نزیک یارمەتیدەر دەبن بۆ بەرەوپێش چوونی بازرگانی لەناوچەکەدا.

3-لایەنێکی گرنگتری ناوچەکە ئەو بارە ئەمنیەیە کە لە ناوچەی هەڵەبجە و دەوروبەری و سنورەکانی لەگەڵ ئێراندا هەیەتی ئەمەش بەهەوڵ و ماندوبوونی دەزگای ئاسایشی حکومەتی هەرێم هاتووەتە کایەوە ، کەئەمەش هۆکارێکی سەرەکی دەبێت بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە ، چونکە جموجوڵی بازرگانی لەناوچەکەدا نایەتەدی کەباری ئەمن و ئاسایش تێیدا جێگیر نەبێت خۆشبەختانە ئەم هۆکارە بوونی هەیە لەناوچەکەدا.

4- بەناوبانگی شاری هەڵەبجە و ناسراوی لە ئاستی جیهاندا، کە ئەمەش پاش کارەساتی کیمیابارانکردنی شارەکە لە 1988/03/16 ەوە زیاتر بووە و بووە هۆکارێک بۆ ناسرانی هەڵەبجە تا ئەو ر ِادەیەی کە لە ر ِێگەی بەئەندامبوونیەوە لە ر ِێکخراوگەلێکی وەک

"شارەوانییەکانی جیهان" و . . . هتد، توانی نەک هەر خۆی، بەڵکو زیاتر کورد و کوردستانیش بناسێنێت. ئەمەش فاکتەرێکی دیکە بووە لە گرنگیدان بەو پرۆژەیە.

*دەرئەنجامە ئابووریەکانی پرۆژەی کردنەوەی خاڵی سنوری بازرگانی (سازان) بۆ ناوچەکە:

1-پەیدابوون و دروستبوونی هەلی کار:- ئەم خاڵە سنورییە بازرگانیە دەبێتە هۆی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆری دەستی کار لە دانیشتوانی هەڵەبجە و دەوروبەری شایەنی باسە ژمارەی دانشتوانی شاری هەڵەبجە لە ئیستادا کە نزیکەی (120 ) هەزار کەس دەبیت ، چونکە ئاشکرایە لەخاڵی سنوریە بازرگانییەکاندا کە جموجوڵی بازرگانی تێدا دەکرێت ژمارەیەکی زۆر لەدەستی کار (ڕیدی العاملە) دەکەونە چالاکی و کارکردنەوە. نمونەمان وەک مەرزی (باشماخ و خاڵی سنوری حاجی ئۆمەران و پەرویز خان) کە سەرەنجام دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دیاردەی بێ کاری کە دانیشتوانی ناوچەکە تارادەیەک بە دەستییەوە دەناڵێن لەهەمان کاتدا ئاستی داهاتی تاکە کەس بەرز دەکاتەوە.

2-پڕ کردنەوەی پێداویستیەکانی دانیشتوانی ناوچەکە:- بەهۆی جموجوڵی بازرگانی و هاوردن و ناردن (الاستراد و الیادرات)ی شمەک و کاڵا و پێداویستیەکان، هەرچەندە ئابووری هەرێمی کوردستان زیاتر پشت بە هاوردەنی (الاستراد) دەبەستێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت هاوڵاتیانی ناوچەکەدا دەتوانن پێداویستییە سەرەکی یەکانیان دابین بکەن.

3-بوژانەوەی بازاڕی هەڵەبجە:- جموجوڵی بازرگانی لەناوچەکەدا دەبێتە هۆی بوژانەوەی بازاڕی هەڵەبجە و دەورو بەری ، بەهۆی چالاکی هێنان و داگرتن و بارکردنی شمەکان لە بازارەکاندا دەتوانین بڵێن سەرەنجام بازار ی هەڵەبجە کەئێستا جۆرە سستیەکی هەیە دەبوژێتەوە.

4-بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری ناوچەکە:- ئاشکرایە کە جموجوڵی بازرگانی و ئابووری لەهەر ناوچەیەکدا بێت دەبێتە هۆی بۆژانەوەی ژێرخانی ئابووری ناوچەکە و پێویستی کردووە لەسەر حکومەت و دەسەڵات کەهەوڵ بدرێت بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ناوچەکە هەر لەڕێگە و بان و پرد و خزمەت گوزارییەکان و تۆڕ ەکانی ئاوو کارەبا و ئاوەڕ ۆ بۆ ناوچەکە بەشێوەیەکی باش و تەواو.

5-بوژانەوە و گەشەپێدانی کەرتی گەشت و گوزار:- دیارە کە قەزای هەڵەبجە بەناوچەیەکی گەشت و گوزار ناسراوە بەهۆی چەندین ناوچەی گەشتیاری لە سنورەکەدا لەوانە (هاوینە هەواری ئەحمەد ئاوا و سەرچاوەی زەڵم و هاوینە هەوارەکانی هەورامان و چاوگ و باوەکۆچەک ..هتد)

لەئەنجامی بوونی جموجوڵی بازرگانی لەناوچەکەدا هاتوچۆی ژمارەیەکی زۆر لەبازرگان و گەشتیاران دەتوانرێت کەرتی گەشت و گوزاری ناوچەکە پێش بخرێت و ببێتە سەرچاوەی دووەمی داهات بۆ ناوچەکە.

6- بونیاتنانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:- لەلایەکی ترەوە کردنەوەی ئەم خاڵە سنوریە بازرگانی یە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی

هاوسنوری هەردوولا کەگومانی تێدا نیە بوونی پەیوەندیەکی پتوی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی یارمەتی دەر دەبێت بۆ سەرکەوتنی جموجوڵی بازرگانی لە ناوچەکەدا.

7-کاراتربوونی کەرتی تایبەت:- بەهۆی ئەوەی کە چالاکی و جموجوڵی بازرگانی کەرتی تایبەتی زیاتر ئەنجامی دەدات ، کردنەوەی ئەم خاڵە سنوریە بازرگانی یە ر ِۆڵی کەرتی تایبەت لە ئابووری هەرێم زیاتر دەکات بێگومان ئەمەش بەهاوکاری دام دەزگاکانی حکومەتی هەرێم.

*لە کۆتاییدا / هیواداین لایەنە پەیوەندیدارەکان دڵکارانە کار بکەن بۆ هەرچی زووتر کردنەوەی خاڵی سنوری (سازان) و کار بکرێت بۆ بە فەرمی ناساندن و بەنێودەوڵەتی کردنی، چونکە هەموو لایەک باش ئەوە دەزانێت کە هەڵەبجە و دانیشتوانی هەڵەبجە شایەنی خزمەتکردنی لەوە زیاترن. ئەمەش بەهۆی هەموو ئەو قوربانیەی کە دانیشتوانی هەڵەبجە و دەوروبەری بەخشیویانە بە کورد و کوردستان، ئەمە سەرەر ِای ئەوەی کە بە سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە، دواجار هەموو کوردستان لە قازانجیدا پشکدار دەبێت .
هیوادارین شاری هەڵەبجە بوژانەوەیەکی گرنگ لەسەرجەم لایەنەکانی ژیان بەگشتی و لایەنی ئابووری بەتایبەتی بەخۆیەوە ببینی َ و بتوانرێت لەم ر ِێگەیەوە ئاستی داهاتی هاوڵاتیانی سنورەکەبەرز بکرێتەوە و دیسان تەکانێکی تر بێت بۆ زێتر گەشەکردنی ئابوری و بەرزبوونەوەی داهاتی گشتی هەرێمی کوردستان.
کۆتایی



Sarko.youns@yahoo.com